# میللەتێكی پاسیڤ و خانەنشین كراو

**بەكەڵكی چی دێت ،مرۆڤ هەموو دنیا بەرێتەوەو خۆی بدۆڕێنێ**

**( مەسیح)**

**ڕزگار ڕانگور**



كەباس لەكوردستانی باشور دەكەین ناكارین باس لەئیراک نەكەین چونكە بەزۆری زۆرداری و لەبێ بەرنامەی و لەگوێ نەگرتنی خەڵک سەرانی كورد كوردستانیان لكانەوە بەئیراكی عەرەبی یەوە و تالەبانی لای باشە وەک سەرێكی ئیراكی بناسرێت نەک وەک كوردێک ،كەركەک و ناوچە عەرەب كراوەكانیش ئێوە خۆش ،لەدوای قاوە نۆش كردنەكەی تالەبانی لەئەمەریكا ،ئەویش دوا خرا بۆ ماوەیەكی دیاری نەكراو ، ئەوە ماوسیتۆنگە دەیووت (سەركردە ڕەنگ دانەوەی خەڵكە) من تاسەر عێسقان لەگەڵ ئەم قسەی ماودام بۆیە گەلی ئێمە هەر بەدوای دەسكەوتێكی كاتی ڕۆژانەدا وێڵەو ستراتیژێتی نەتەوەی لەدەست داوەو خۆی بەقەدەری زەمانسپاردوە، دەبوو لەكوردستان هەموو كەس خەریكی كار كردن بوایە بێ وەستان و شەورۆژ لێ زۆرینەی خەڵک خانەنشینە هەر یەكە لەژێر ناوێكدا هەشیانە دەبڵ موچە وەردەگرن و ئەم دیاردەیە هێندە ئاڵۆزە ونابەجێ یە خەڵكی گوندەكانیان جێ هێشتوەو لەشارەكاندا بێ بەرهەم وپاسیڤ لەدوی پارەی خانە نشینن ،ئەمە ڕێک تەمەڵی گەلێک نیشان دەدات كە بەرهەمیان نی یە و لەشارەكاندا كرێكاری

عەرەب و بەنگلادیشی و هندی کاروبارو خزمەت گوزاری یەکان ڕادەپەڕێنن وخەڵکی وولاتیش وەک ڕەجۆ دەمیان داچەقاندوە بۆ بەر بوونەوەی هەنجیر ، کێلەپشتی ئەم پاسیڤ کردنی خەڵکەوە یە ،ئێمە گەلێکین هەمیشە بەدوای ئیسراحەتەوەین و هێندە زوو زوو ڕوداوەکانمان بیر دەچێت ،لەهیچ نەتەوەیەکی سەر ئەم زەمینە ناچین ، خەڵکانێکی بێ بەرهەم و خانەنشین کراو ، لەسەردەمی سەدامی ڕەحمەتیدا خەڵکی بەلێشاو دەبوونە جاشی سوک و سەلیم و دەیان دەرەبەگ و وورگ زل بونە موستەشارو خەلکانیش بێ گوێ دانە بەرپرسیارێت ،لەلای ئەو خۆفرۆشانە دەبوونە جاش . ئاگادار بووم لەگرتنی ئەو جاشانەدا خەڵکانی تیا بوو دەرچووی زانکۆ بوو گەلۆ دەبێ چی وای لەو ئەندازیارە کربێت قبوڵی کات لای مستەشارێکی نەخوێنەوار ببێتە جاش و هەموو سوکایەتیەک قبوڵ کات؟ ئێستاش هەزاران گەنجی کورد خانە نشین کراوە لەژێر دەیان ناو دا لەهەمووشی سەمەرەتر ئەوەیە کەئەوانەی کاریش دەکەن هەرخەریکی خۆ دزینەوەن و بێ پرسیارێتی وای لێ کردوون ولات سەلکێ توری تیا بەرهەم ناهێنرێت و هەموو ئەمڕۆ بەسبەی خواگەورەیە ڕایێ دەکەن من نازانم و ئەوەی جێگەی پرسیارە بۆمن ئەوەیە سەرانی کورد هەموویان ئەگەر هاولاتی یەکێک لەم وولاتانە نەبن ،بەلایەنی کەمەوە چەند جارێک سەردانیان کردوەو هەر هیچ نەبێ بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانیان ،لێرە مرۆڤێک خانەنشین دەکرێت کە نەخۆش بێت و توانای کار کردنی نەبێت یان تەمەنی ڕێگەی پێ نەدات و ئەوکەسەش هیچ ئاسودە نابێت بەو خانە نشینی یەی لێ لەوولاتە عەجایبەکەی ئێمە بەس لەماڵی ئێمەدا چوار خانە نشین هەیە و کەم تازۆر کیسەیان بۆ موچەکە هەڵبەستوە ، باواز لەخانەنشینی بێنین ، تۆ سەیری نوێنەری حوکمەتی کوردی بکە لە ئەمەریکا چۆن بێ ئەوەی پرس بەخەڵک بکەن دەڵی گەلی کورد خۆشحاڵ دەبێت ئەگەر ئەمەریکا بنکەی سەربازی لەکوردستان بکاتەوە ، منیش دەڵێم ڕاست دەکات و گەلی من هەمیشە لەچاوەڕوانی سواڵدایە و گەلێکە هەر لەسەر یارمەتی دەژی و نوێنەری حوکمەت لەئەمەریکا چاک مەسەلەکەی پێکا وە دەزانێ پێویستیان بەپرسیار نی یە لەخەڵک چونگە ئەمانموچەی خانەنشینی دەدەن ،بەس بڵێن نا ئەوە موچە دەبڕێ و هەمووش لەبرسا دادەڕزێن گەلۆ ئەی بۆ باسی ئیراکمان کرد ، لەم ڕۆژانەدا لەڕۆژنامەکاندا بابەتێکی سەیرم بەر چاو کەوت ئەویش خانەنشینە عەرەبەکانی خواروون کەهاتونەتە کوردستانەوە ئەوانیش لەگەل خەڵکانی وولاتەکەمدا لەوێ مچە وەر دەگرن ، قەیدی چی یە وەک یارۆی ئاسایش فەرمووی سلێمانیش شارێکە لەئیراک و هەموو عەرەبان بەخێر بێن من بەدوری نازانم لەپەنجەرە چڵکنە بچووکەکانەوە فەرمانبەرێکی عەرەبی ئێستاو ئەمنێکی کۆنی جاران موچەی بەسەر پێشمەرگەی کۆندا دابەش کرد ، گرنگ نی یە گرنگ گەشتنی پارەو بەردەوامی یەتی ئیتر کێ دەی داو چۆن دەدرێت ئەوە پرسیارێکە حەوجێ ی کردن نی یە ، خزمینە پرسیاری من ئەوە یە لەچ جێگەیەکی ئەم ئەستێرە دیوتانە میللەتێک هەمووی یان زۆری خانە نشین بێت،،؟؟؟

**دیکارت دەڵێ:**

(من بونەوەرێکم کەم شت درک پێ دەکەم و زۆرشت نازانم ) پێ ئەچێ منیش بەهەڵەدا چوبم بۆیە لەحیکمەتی ئەم خانەنشینی یە ناگەم سەیر نەبێت لاتان خانە نشینەکان تابێت ژمارەیان لەهەڵچوندایە و قسەی خۆشمان بێت منداڵی زۆر بچوکیش خانەنشین کراوە، بەهیوام کەسم نان بڕاو نەکردبێ، خانەنشین کراوەکان لەنەخۆشیەکەیان سەرفراز بن و بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان ،ئەمڕۆ وولات پێویستی پێمانە ،،،،،،